






# پێڵاوی پاژنە بۆ بۆنە و ئاهەنگ

بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان، چەندین مۆدە و شێوەی جوان و ڕازاوە ئامادە دەکرێن، بەڵام گرنگە بزانین کە کامە لە جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان شایستەی ئەو شوێنەن و کە مەبەستی جوانییەکی ڕازاوە و ناسك ببەخشێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی جوانترین و کارامەترین ئێکسسوار یان جل یان کەرستە، دەگەین بە لوتکەیەکی جوانی بۆ خانمان، چونکە لە کاتی ئاهەنگدا پێویستیمان بە ئامادەکارییەکی تەواو هەیە، بە تایبەت ئەو کەرستە یان ئەو ئێکسسوارانەی سەرەکیین و جێگەی جوانی خۆیان هەیە لە جەستەدا، هەڵبژاردنی پێڵاو شێوەیەکی سەرەکی دەنوێنێت لە کاتی چوونە ئاهەنگ و بۆنەی گەورە یان بۆنەی تایبەت، چونکە ئەو ئێکسسوارە بەهۆی ئەوەی سەرەکییە و تەنانەت بە شێوەیەکی بەرچاو دیاردەبێت و ڕەنگدانەوەی جوانی خۆی دەبێت، بەمەش هۆکارێکە بۆ ڕازاوەکردنی بەشی خوارەوەی جەستەی خانمان لە کاتێکدا بەشی سەرەوە بە جلوبەرگ دەڕازێتەوە، بۆیە لە وەرزی هاویندا و بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان، دەکرێ پێڵاوی پاژنە بەرزە دەست نیشان بکەین، چونکە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوانە، لە هەڵبژاردنی پێڵاودا، شێوە و ڕەنگی پێڵاوەکە، گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لەسەر جوانی، گرنگە بزانین چ جۆرە پێڵاوێك و یان چ شێوە و ڕەنگێکی بۆ هەڵدەبژێرین، گرنگترینیش شێوەی گەورە و لە ڕەنگێکی تۆخ بێ وەك: سوور – شین – قاوەیی.






# دروست کردنی گوڵی گەش

کاری دەستی، وەك بەهرەیەکی تایبەت بە خانمان، دەتوانن لە سادەترین کەرەستە یان شتی سادەدا، بەرهەمێکی جوان دروست بکەن، وێڕای ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر دەبەی لەگەڵ دروست کردنی کەرەستەکە، هەروەها ئارامکردنەوەیەکی دەروونیت پێدەبەخشێ لەو کاتەی کاری دەستی دەکەیت، چەندین کەرەستەی سادە لە ماڵەکاندا هەن، دەکرێ بکرێن بە شتێکی جوان، تەنانەت کەسیش بیری بۆ ئەو کارە نەچووبێ، کەوچکی پلاستیك لە زۆربەی ماڵاندا هەیە، هەمان ئەو کەوچکە دەکرێتە گوڵێکی دەستکردی جوان، ئەمەش تەنیا بە ڕێگەی کاری دەستی، دوای ئەوەی کەوچکەکان دەهێنرێن و پاشان تەنیا سەری کەوچەکە دەبڕدرێ و لەسەر ئاگرێکی کز کەوچکەکە لار دەکرێتەوە، پاشان کۆمەڵێك لەو شێوەیە ئامادە دەکرێ و دەبێتە شێوەی گەڵای گوڵ، یان پەلکی گوڵ، دواتریش لە نزیك یەکتر کۆدەکرێتەوە و لە ژێرەوەیاندا هەر بە هەمان ئاگر یەکدەخرێن و شێوەی وەك گوڵێکی گەش دەردەکەوێ و دەکرێ لە سەر مێزی ماڵدا دابنرێن.







# تەسریحەی قژ بۆ ساڵی

لە ساڵی ٢٠١٣دا گرنگییەکی زۆر بە بواری جوانی دراوە و دەدرێت، چونکە ئەو ساڵە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ئەوروپا، گرنگییەکی تایبەت بە جوانکاری و ئامادەکاری بۆ مۆدەی تازە و شێوە و ستایلی نوێ هەڵدەبژێرن بۆ گشت بوارەکان، ئەمەش وادەکات کە خانمان لە بوارەکانی جوانکاریدا، سوود لە وانە و ڕێنمایی و ستایلە تازەکانی پسپۆڕانی جوانکاری وەربگرن و لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە یان زانیاریی بەسوود، ئەو لایەنە وەربگرن و مۆدەی تازەی لەسەر دروست بکەن، نموونەیەك لەم لایەنە، بواری تەسریحەی قژە، کە بوارێکی گرنگە لە کاروباری خانمان، کە دەبێ گرنگییەکی تەواو






# ملوانکە و جل لەشێوەی ئاڵای کوردستان

لە بواری جوانکاری کوردیدا، تازەگەری و شــتی تازە و جوان دروســت و ئامادە دەکرێت، ئەمەش لەلایەن ئامادەکار و دیزاینەرانی جلوبەرگ و ئێکســـواردا، کە چەند کەسێك هەڵکەوتــوون و توانیویانە کاری جــوان لەم لایەنەدا تۆمار بکەن، یەکێك لەوانە : نیشاخان کە کاری دیزاینەری جلوبەرگ و ئێکســـواریش دەکات، جگە لەوەی لە چەندین شــوێنی دیکەشدا کاری جوان کراوە، وەك دروســت کردنی ئێکسسوار لە شێوەی ڕەنگی ئاڵای کوردستان یان لە شێوەی نەخشی کوردستان بە گشتی، ئەمەش وەك هەستێك بۆ کوردستان، هەروەها کەرەســـتەیەکی جوانکاری لەسەر جەستەدا شێوە و جوانی خۆی بنوێنێت، بۆیە زۆر جار لەسەر دەست و ملی خانمان چەندین ئێکســـواری جوان و لەســـەر ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دەبینرێن، کە جێگەی جوانییەکی پڕ بەهـــا و دیمەنێکی ڕازاوەیە لـــەم ڕووەدا، هەروەهـــا لەلایەکـــی دیکەشەوە جلی کوردی لـــە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردســـتان، بەشێکی دیکەی ئـــەو لایەنەیە، کە ئەویـــش مۆدەیەکی شایســـتە و کراوەی لێوە دەردەچێت، هەر چۆنێك بـــێ، لـــەم دوو لایەنە دیاریکراوە یان چەندین شێوەی دیکەدا، خزمەت بە جوانـــکاری کوردی دەکـــرێ و مۆدەیەکـــی ڕازاوەی لێ دەبینرێ.



# ئێکسسواری بازنگی دەست

چەندین ئێکســـواری ناســـەرەکی هەیـــە، کە هەر دیمەنێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئێکسسواری سەرەکی، چەندین ئێکسسواری ناسك هەیە، کە هۆکارێکە بۆ زیاتر جوانکاری و ئامادەکاری لەگەڵ هەر ئێکســـوارێکی ڕازاوە و جوانـــدا، بەمەش دیمەنی ڕازاوەی ئێکســـوار وەدەردەکـــەوێ و لەگەڵ هـــەر هەنگاوێکـــی ڕازاوەدا جێگەی جوانی خۆی دەگرێ و شایســـتەی مۆدەیەکی جوان دەبێ. یەکێك لەو ئێکســـوارانە بازنگی دەستە، کە شـــێوەیەکی ناســـك و ڕازاوەی هەیە، بازنگی دەست مـــەرج نییـــە تەنیا لە زێڕ بـــێ، بەڵکـــو دەتوانین لە کەرەســـتە و شتی دیکەشەوە بێ، وەك دانانی ئێکسسوار لە بازنگـــی قوماش و پەڕۆ و شـــتی دیکە، تەنانەت هەندێك لە ئێکســـوارەکانی دەست لە شێوەی دیکەن و بەمەش دیمەنێکی ڕازاوە دەبەخشـــن، بازنگی دەست لە شـــێوەی دیکە وەك قردێلە و جوانـــکاری لە مۆدەکانی ئێکسسوارەکان بۆ دەست لە چەندەها شێواز و ڕەنگە، هەر شـــێوازێکی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەگەڵ جوانی جل یان بەشەکانی دیکەی جوانی ڕێکدەخرێت.



# (٢٠١٣)

بە ئامادەکاری بۆ قژێکی جوان بکەن، بەمەش پێویســـتی بە نەخش وســـتایلە تاوەکو تەســـریحەیەکی کراوە و جوان بەدەست بکەوێت بۆ قژی هەر خانمێك، بۆ قژی درێژ زیاتر تەسریحەی بەســـتراو یان هەڵگیراو بەکاردەهێنرێت، هەروەها بۆ تەسریحەی قژی کورت، مۆدەی کردنەوە یان بەستن لەلایەکی سەر، یاخود بە تەسریحەیەکی خاو دادەنرێت، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لە تەسریحە تازەکانی ساڵی (٢٠١٣) بۆ قژی خانمان.

# تەورداسەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین

ڕەوەند بەختیار

لە مۆزەخانەی شارستانیی هەولێر کۆمەڵێـــك پارچە شـــوێنەراوی زۆر دەگمەن و ســـەرنجڕاکێش دەبینرێن کە مێژوویەکـــی دوورو درێژیـــان هەیە و هەر لە زووەوە ئەو ئامێر و کەرســـتەو پێداویستییانە بەکار هاتوون و بەشێکی زۆریان تا ئێستا وەك ئاسەوار پارێزروان و ماونەتـــەوە، یەکێك لەو کەرەســـتە کۆنانەی کە لـــە مۆزەخانەکدا هەیە بریتییە لە کۆمەڵێك (تـــەورداس)ی کـــۆن کـــە وەك ئاســـەوار و پارچەی شـــوێنەواری سەیردەکرێن.



ئەوەی شـــایەنی باســـە مێژووی دروست کردنی ئەم پارچە تەورداسە کانزایانە زۆر کۆنەو بۆ هەزاری ســـێیەمی پێش زایین دەگەڕێتـــەوە، ئەمەش درك بەو شارســـتانیەتە دەکات کە لە پێش زاین بوونی هەبووەو لەو کاتەدا توانیویانە لە کانزا پێداویستی وا دروست بکەن. کە بۆ چەندین مەبەســـت بەکاریان هێنـــاوە وەك بڕینـــەوەی دار و پارچەکردنـــی و چەندین مەبەســـتی دیکە، چونکە لەو کاتە زووانەدا مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە دار و شتە سروشتییەکانی بەستووە.



# هـێلانە پەڕەسـێلکە

پەڕەسێلکە یەکێکە لـە باڵنـــدە جـــوان و خنجیلانـــەکان، جگـــە لـــەوەی دیمـــەن و شـــێوەیەکی بچووك و جوانی هەیـــە، هەروەها دەنگێکی خۆش و زووڵاڵیشـــی هەیە، کاتێك دەجریوێنێ، هەر کەسێك گوێ بیستی دەنگی بێ، ســـەیرێکی دەکات، پەڕەسێلکە بەوە ناسراوە کە باڵندەیەکی ژیر و جوانە، جگـــە لەوەش خێرایە لە فڕین، یەکێك لە کارە ژیرەکانی ئەو باڵندەیە، دروست کردنی هێلانەیە بۆ بێچووەکانی، پەڕەسێلکە زیاتر لە هاوین و بەهاردا دەردەکەون، لە وەرزەکانی دیکە کۆچ دەکەن بۆ شوێنی گەرم و دارستان، کەچی لە وەرزی هاویندا بەهۆی گەرماوە روو لە شـــار و شـــوێنی قەرەباڵغ دەکەن، وەك لە چەندیـــن لـــە ماڵەکانمان هێلانەی پەڕەســـێلکە دەبینین، کە بە شێوەیەکی جوان و ئەندازەییەکی زۆر زیرەکانـــە دروســـتی دەکات، هێلانەی پەڕەســـێلکە زیاتر لە قوڕ و پووش دروســـت دەبێ کە لەسەرەتادا بە دەنووکی قوڕ دەهێنێ و لە شـــوێنێکی بەرزی دادەنێ و دواتریش بە پـــووش و پەڕاش هێلانەکەی توند و تۆڵ دەکات، ئەوەی ســـەیرە بە شـــێوەیەکی ئەوەندە زیرەکانە لانەکەی دروســـت دەکات، وەك ئەوەی زانســـتی ئەندازیاری خوێندبـــێ، وەك لە وێنەکـــەدا دەبینن چۆن هێلانەی لە شێوەی نیو بازنەیی دروست دەکات، پەڕەسێلکە نزیکەی (٢) ســـاڵ دەژی و هەر ساڵی جارێك هێلکە دەکات و نزیکەی (٣ تا ٥) هێلکە دەکات و هەڵی دەهێنێ.




# پێشبڕکێی جلی هەنگ


جۆرەکانی پێشـــبڕکێ زۆرن و هەر یەکـــە بە ڕێگە و جۆرێك ئەنجام دەدرێت، شێوەی جۆراوجۆری ئەو پێشبڕکێیانە وادەکات کە چەندین کاری سەیر و سەمەرەی لێبکەوێتەوە، بەمەش دەتوانین لە هەنگاوێکی لەم جۆرەدا پێشـــبڕکێ سەیرەکان دیاری بکەین، وەك ئەو پێشبڕکێیەی لە وڵاتی چین ئەنجام دەدرێت، کە بریتییە لە پێشـــبڕکێی پۆشـــینی هەنگ وەك جلێك لەسەر جەستەدا، لەو وڵاتـــە گرنگییەکی زۆر بە هەنگ دەدرێت و تەنانەت وەك هـــاوڕێ مامەڵە لەگەڵ هەنگدا دەکـــەن، بەمەش هەنگ کە دەبێتە هاوڕێی مرۆڤ، دەتوانێت بچێتە ســـەر جەســـتەی بەبێ ئەوەی پێوەی بدات، پێشـــبڕکێیەکە بۆ ماوەی (١)کاتژمێرە کە دەبێ هەنگەکان لەسەر جەســـتەی کەسێکدا بن تاوەکو نازناوی پێشبڕکێ بباتەوە.

# كاریگەریی ماكیاژ !


لــە كاتی  فیلم دروســت كردن و دەرهێنـــان، هونەرێكی تازە دەركەوتـــووە، ئەویش هونەری ماكیاژە بـــۆ ئەكتەرەكان، كە بە جۆرێك كاریان لەســـەر دەكرێ، كچێك دەكرێ بە ئافرەتێكی بە تەمـــەن، یان بە پێچەوانەوە، كەچـــی ماكیاژ ڕۆڵێكی گەورەی هەیە لە جوانیی خانمـــان، تەنانەت زۆربەی خانمان گرنگی بە ماكیاژ دەدەن كە ئەمەش شـــتێكی جوانە بـــۆ كچان ئەو كارە بكـــەن، لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین كـــە ماكیاژ چەندە كاریگەریی هەیە و شـــێوەی ڕووخساری مرۆڤ دەگۆڕێ و لە شێوەیەكەوە بۆ شـــێوەیەكی دیكەی دەگۆڕێ، لـــە وێنەكاندا زیاتر و ڕوونتر كاریگەرییەكە دەردەكەوێ.








## سەمەرەترین نمایشی تاتۆ



لە یەكێك لە سەیرترین پێشبڕكێ لەسەر جەســـتەی مرۆڤ، بە جۆرەها ڕێگەی جیاواز پێشـــبڕكێ و كاری سەیر ئەنجام دەدرێ، كە هەر ئەوەشە دەبێتە هۆكارێك بـــۆ دەركەوتنی حاڵەتێكی ســـەمەرە، لە یەكێك لە سەیرترین پێشبڕكێ بۆ جەستەی مرۆڤ كە لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، ئەویش ئازار دان و زۆرترین تاتۆ لەســـەر جەســـتەیە، جێگەی باســـە بە بەشداری نزیكەی (١٠٠٠) كەس، لە سەرتاپای ئەو وڵاتە هەر یەكە بە جۆرە نمایشێكی سەیر و ترسناك، جەستەی خۆی نمایش دەكرد، زیاتریش بە تاتۆ جەستەیان كوترابوو، یان بە قوڵاب هەڵواسرابوون.





## درێژترین قژی پیاوان

هەندێك لـــە مرۆڤ، حەز بە قژ دەكـــەن، یان هەن گرنگییەكـــی ئەوتۆ بە قژ دەدەن و درێژی دەكەن، یان بۆ ماوەیەكی زۆر نایبڕن و دەیهێڵنەوە، وەكو ئەو پیـــاوە چینییەی كە ناوی (تـــران ڤان)ە و تەمەنی ئەو پیاوە پیرە نزیكەی (٧٩) ساڵە و بۆ ماوەی (٥٠) ساڵە قژی نەبڕیوە، ئەوەی سەیرە، تاوەكو ئێستاش نەیشووشـــتووە، ئەمەش بەهۆی ئـــەوەی لە تەمەنی (٢٥) ســـاڵی قژی بڕی و تووشی نەخۆشییەك بوو، ئێستاش قژی (٦٨٠) ســـەنتیمەترە، واتە زیاتر لە (٦) مەتر و كێشی دەگاتە (١٠) كیلۆگرام.




## کراس لە هێلکە !

ماوەیەکی زۆرە چەندین کراس و جلی سـەیر دروسـت دەکرێن و بە شـێوەیەکی جوان و کارامە، بەو دواییـە لە وڵاتی فەنزویلا، کراسـێکی جوانیان دروسـت کردووە، کە لە هێلکەیە، سەرتاپای کراسـەکە لە هێلکە دانراوە و بە ماددەی سیکۆتین بە کراسەکە بەستراوە، بەڵام لە سـەرەتادا هێلکەکان کوڵێنراون و ئەگینا هەر دەشکێن و دەکەون، ئەمەیە کراسی تازە و سەیر لە هێلکە.

## سەیوانێک بۆ کۆکردنەوەی باران

هەر چەندە ئێستا لێرە وەرزی باران بارین نییە، بەڵام لـە وڵاتانی دیکە باران دەبارێت و ئەگەر چی وەرزی هاوینیشـە لەوێ، بەمەش داهێنانەکان لە تازەگەری بەردەوامن و بەمەش کارێکی تازەیان دروست کردووە، کە لە جیاتی خۆ پاراستن لە باران، جۆرە سەیوانێکیان دروسـت کردووە کە ئاوی باران کۆ دەکاتەوە، ئەوەی بیەوێ بـاران کۆ بکاتـەوە، دەتوانێ بەو سـەیوانە بارانێکی زۆر کۆ بکاتەوە.

## پەندی ناوداران



- ئەبراهام لینکۆڵـن، دەربارەی باوەڕ دەڵێت:

**باوەڕکردن بە هەموو کەس ترسناکە، بەڵام لەوە ترسناکتر ئەوەیە باوەڕ بە کەس نەکەیت.**

## بۆ زاخـاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (جۆزەردان) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی  ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی رۆژ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (لۆ بە زمانی هەولێر)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ پارچەیەك)

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



راستە لەناو خەیاڵی خۆتـدا زۆر شـتی باشت داناوە، بەڵام کاتێك کە خەریکی جێبەجێکردنی خەونەکانت دەبیت لەسەر ئەرزی واقع ئینجا تێدەگەیت کە چەند هەڵەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



رۆژ لـە دوای رۆژ خەرمانـی تەمەنت بـەرەو کەمی دەچێت، بۆیە پێویست ناکات ئەوەندە خەم لە رابردووت بخۆیت، ئازابەو رووبەڕووی کۆسپەکانی ژیان بەرەوە.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



توانایەکی باشـت هەیـە و دەرفەتیش لەبـارە بۆئـەوەی بارودۆخی داراییت بەرەو باشـتر ببەیت، لەبواری سـۆزدارییەوە کەسێك بەدوای ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروستبکات.

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



ئـەو کەسـانەی کـە لەچـواردەورەی تۆدان، واتێدەگەن کە تۆ هێشتا زۆر شـت دەربارەیان نازانیت. بەم زووانە زۆر شت بۆ تۆو بۆ ئەوان روون دەبێتەوە، چاوەڕوانی ئەو رۆژە بە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



هەندێـك گرفتـت بـۆ دروسـت دەبێـت، وات لێـدەکات تـا ماوەیـەك ماندووبیـت، گەر بەتەمای سـەفەریت دوایبخـە باشـترە، چونکە بارودۆخەکـە لەبەرژەوەندیی تۆدا نییە، چارەسەری ئاسانە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



زۆر کـەس هـەن لێت تێناگەن. بێـزار مەبە لەهەڵوێسـتی ئەم جۆرە کەسـانە. دان بەخۆتدا بگـرەو هێمنیی خۆت بپارێزە، رۆژێك هەر دێت ئاواتەکانت بێتە دی.



## وێنە و بیر کردنەوە

- هەوڵبدە خانووەکانی ئەم وێنەیە بژمێرە !



## به مانگی له دایک بوونت خۆت بناسه

### له دایکبووی مانگی (١٠)

کەسێکی دڵ ناسکە - حەزی لەهونەرو مۆسیقایە - حەزی لە باڵا دەستییە - بەزەحمەت قەناعەت دەکات - شاراوەیە- سۆزدارە - دەست بڵاوە - بڕوای زۆر بەخۆیەتی- گوێ بەهیچ نادات - درۆ ناکات و راستگۆیە – کەسی بەرامبەری زوو خۆشدەوێت – زۆر بیر لە ژیان دەکاتەوە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی خواردنێکی کوردەواریت بۆ دەردەچێت :

ا د ۆ ن ك د

وەڵامی ژمارەی پێشوو : حەمکۆ




■ لە منداڵێك دەپرسن، باوکت چ ئیش دەکات؟ ئەویش دەڵێت: باوکم زۆر گەورەیە، زۆر بەهێزە هەموو کەس بە قسەی دەکات و کەسیش لە قسەی دەرناچێت، ئەوانیش دەڵێن: وەزیرە؟ دەڵێت نا گەورەترە لە وەزیر، دەڵێن بەڕێوەبەرە دەڵێت نا لە بەڕێوەبەر گەورەترە، دوایی دەڵێن دە بڵێ بزانین چییە؟ دەڵێت باوکم هەر کە فیکەیەك لێدەدات هەموو ئوتۆمبێلەکان رادەوەستن!

■ یەکێك زۆری برسی دەبێ و پارەی پێنابێ بچێتە چێشتخانە، دەچێتە پێش چێشتخانەیەك و یەکێك دەبینی کەباب دەخوا، ئەویش پێیدەڵێ: توخوا بە پیازەوە بخۆ زۆر خۆشە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

دەمێکە لە خزم و هاوڕێکانت خۆت بەدوور گرتووە، هەوڵبدە سەردانیان بکەیت و هۆکارەکانیان بۆ روون بکەرەوە، با چیتر گلەییت لێ نەکەن.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویست ناکات سارد بیتەوە لەم کارەی کە ماوەیەکە خەریکیت و نەخشەیەکی باشت بۆ کێشاوە، چونکە کەسانێك هەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێت پەشیمانت بکەنەوە، بەقسەی کەس مەکە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خاوەن هەڵوێستێکی نەگۆڕبە، چونکە بڕوات بەخۆت زۆر پتەوەو لەسەر ڕێگای راست دەڕۆیت، بەدڵنیاییەوە ئەم ماوەیە بەختیار دەبیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هاوڕێکەت مێشکی زۆر ماندووە بەدەست تۆو رەفتارەکانت، چاکتر وایە راستییەکانی بۆ روون بکەیتەوە، تاکو بەهەڵە تێنەگات، چونکە تۆی زۆر خۆش دەوێت، دەبێت تۆش دڵی نەشکێنیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بە تاقیکردنەوەیەکی ئەڤینداریدا دەڕۆیت، ئەگەر بتوانیت بە گونجاوی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت لەوانەیە بەختەوەرو دڵشادت بکات.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە زیاتر بایەخ بەباری ئابووریت بدەیت و بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێك کارەکانت ڕێکبخەی، لایەنی سۆزداریت ئەوەندە فەرامۆش مەکە.